# گەرهاتیەوە

★ کاوەی خەسرەوکاوانی ★



گەرهاتیەوەبیٚ دەنگ وەرە

لە دەرگای ماڵەکەم مەدە

لە دوای تۆوە

هەرگیز دەرگام بۆساتێك دانەخستووە...

گەرهاتیەوەپێویست ناکات

بێیتەلام ئاشتم کەیتەوە

ئەوەندە من خۆشم دەویٚ ی

فەرشی رقم هەرگیزبۆت رانەخستووە...

گەرهاتیەوە ئەو تاریکایەی لە پاش تۆ

چواردەورەی رۆحی تەنیوم

لیٚم دوورخەوە...

بەشەوقی خۆت شەوەزەنگم رابماڵەو

دوایی پیٚ بێنە ئەم خەوە...

گەرهاتیەوە بەڵێن بدەهەوری خەمت

جارێکی تر بۆتیرۆژنابێتە بەربەست...

بەڵێن بدەبۆ سەرتاپای

کۆنسێرتەکانی گۆرانی ژیانی من

تۆئاوازبیت منیش هەڵبەست...

گەرهاتیەوەبەڵێن بدەجارێکی تر

نەمخەیتەبەرلەپەکانی

دێوی بیٚ رەحمی تەنیایی...

بەڵێن بدە لەوبیابانەی

لەدوای تۆوە تیٚ ی کەوتومە

رزگارم بیٚ بۆمن بیکەیتە ئاوایی...

2007/9/23